# کەی عەلییەکان دەبنەوە بە زمناکۆی ئێمە؟!!

## کێ ڕۆمانی عەلییەکانمان تۆماردەکات؟!!





**پەپولە** ..........................................

کورد لەگەڵ بوونی پێگەیەکی جوگرافی، کەلەپورێکی تایبەت بەخۆی وبەسەدان کەسایەتی ئاینی وسیاسی ورۆشنبیری، لەگەڵ ئەوهەموو شۆڕش وخەبات و قوربانیانەی کەهەیەتی، بەڵام تائێستا هەر خۆمان دەیزانین، بۆناساندمان بەجیهان، دەبێت پشت بەدەزگاکانی ڕاگەیاندن چ بینراو وبیستراو ونوسراو چ پێگە ئەلکترۆنیەکان ببەستین.

لەکوردستاندا بەملـــــیۆنەها دینار بۆئەم بوارانە تەرخان کراوە، بێگومان دەبێت بۆئەم بوارانە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ دابنرێن، بەڵام ئێمە ڕۆژانە لەشاشەکانەوە زۆربەی کات هەڵپەڕکێ وسەماکردنو درامای بیانی ودۆبلاژکراوەکان دەبینین، کەتەنهاو تەنها کێشەی کۆمەڵایەتی وسەرلێ شێواندن و وروژاندنی ئارەزوی سێکسی گەنجان وسەرقاڵ کردنی خەڵکە بەکێشەی لاوەکیەوە، تەنانەت بۆوێنەی سەر ڕوپەڕی گۆڤارورۆژنامەکانیش بەشەرمەزاری دەزانن گەرگوزارشت لەخەمو مەینەتیەکانی ژنێکی کورد بکەن.

وەک لای هەموان ئاشکرایە بەم دووایییانە (عەلی یان زمناکۆ) دوای (٢١) ساڵ دابڕانی لە بنەماڵەکەیی و بەسەربردنی ماوەی ژیانی لەوڵاتی ئێرانو لەخێزانێکی فارسدا، گەڕایەوە زێدی خۆی و بەکەسو کاری شادبوویەوە، وپێشتریش چەند کەسێکی تر بەم شێوەیە لەکەسو کاریان دابڕابوونو بەهەمانشێوە شادبوونەوە.

گەڕانەوەی عەلی، دیارییەکان وزمناکۆکان وکچەئەنفال کراوەکانمن یاددەخەنەوە کەخودا دەزانێت لەچ کەنارێکی ئەم دونیایەدا ژیان دەگوزەرێنن، ئێستا بێ ناسنامەو بێنازی دایکو باوکو کەسو کاریانو بێنازی دایکە گەورەی نیشتمانن، دەپرسین ئاخۆ تاچەند هونەری کوردی توانیویەتی هەستی جیهان بۆلای خۆی ڕابکێشێت؟! تاچەند سیناریۆی گۆرانیەکان ودراماو فلیمە کوردیەکان لەخزمەتی زمناکۆ ودیاریدا بوون؟!! یان تاکەی گەلی کورد تەنها بەهەڵپەڕکێ وڕەش بەڵەک دەناسرێت بەجیهان؟!

بۆیە گەڕانەوەی عەلی زەنگێکە بۆسەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کەبا تەنها لەساڵیادەکاندا یادی هەڵەبجەو ئەنفال نەکەنەوە، بەڵکو باهەمیشە لەخزمەتیاندا بن، باقەڵەمی نوسەران بەشێک لەخەمەکانیان بۆمێژوو تۆماربکەنو ئەم کارەسات ومەرگەساتانە بەنەوەی داهاتووبگەیەنن، بابەدراماو فلیم وشانۆکان خزمەتێک بەخەمە قوڵەکانیان بکەنو هێندە لاوان بەخۆشەویستی نادروست ولەدەستدانی ڕەوشتەوە سەرقاڵ نەکەن، باکەمێکیش ئازارەکانی کوردیان بیربهێنینەوە، فرمێسکێکی پڕ لەخەمخۆری بۆبراو خوشکە ون بواکانیان بڕژێنن، جارێکی ترخوێ بەبرینی شەرمەزاری دوژمنەکانیاندا بکەن، بەجیهان بڵێن کوان (عەلی)یە ونبوەکان؟!! کەعەلی نین وزمناکۆن، فارس نین وکوردن!!!

# زمناکۆ گەڕایەوەو عەلیش بەخێربێتەوە

## عەلیو زمناکۆ... دوو کەسایەتی جیاوازن بەیەک ڕۆحو جەستەوە... بەخێربێنەوە...

**ئاینده** ..........................................

زمناکۆ ئەوکۆرپەیە بوو کەڕۆژە دووکەڵاویەکەی ٣/١٦ لەنێو تەرمە ساردو سڕەکانەوە بە ئاوازی گریانی ساوایەکی چوار مانگ... لێوەکانی بۆمەمکی دایکی دەگەڕێت، تاقومێک شیر لێوی وشکی تەڕ بکات، زمناکۆ هیچی لەزوڵم و ستەم نەدەزانی، بەڵام خودا دەیەوێت بیکاتە شایەت لەسەر زوڵم و ستەم، یان بۆئەوەی هەمیشە هەڵەبجەمان لەیاد نەچێت جاروبار مناڵە بێ نازەکان بەڕەنگ و ڕووی غەریبێکەوە هەڵەبجەمان یاد بخەنەوە.

زمناکۆ هەڵەبجەیی بوو، کوڕی خاتوو فاتیمە بوو، بانگ درابوو بەگوێیدا کەناوی زمناکۆیە. عەلیش... کوڕێکی گەنجی دانیشتووی (مەشهەدە)، ڕۆژانێک بەواحید بانگیان کردووە، بەزمانی فارسی قسە دەکات، عەلی چاک لەزوڵم و ستەم تێگەشتوە، دەزانێت شەڕ نەک درەخت، خانوو ماڵ دەکات بەدوو پارچەوە، بەڵکو ڕۆحەکانیش دەکات بەدوو کەرتەوە. ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین لەعەلی چیرۆکی مانگە شەومان بۆبگێڕێتەوە کەفڕاندویەتی؟بپرسین بڵێین پێناسەی بەهارو دایک و هەڵەبجەمان بۆبکە؟

دەڵێین وەرە بالە پاڵ پەیکەرەکەی عومەری خاوەردا، پەیکەرێک بۆتۆو دایکت دروست بکەین، لێشمان ببورە هەمووشمان بەفرمێسک و گریان پێشوازیمان لێکردی، تۆهێشتا ئاشنای ئەم وڵاتە بۆین و خەمە نیت، ئێمە هەمیشە خۆمان بۆخۆمان دەگرین، ستەی پێکانت دڵی چەندانی وەک مامۆستا فەخرەدین و خاتوو وەزیرەی ڕاچڵەکاند، تەزووی هێنا بەجەستەی ئەوانەی ئازیزەکانیان لە عەرعەر بەژێر گڵەوە کران، تۆکە لەدەرگای نیشتمانتدا...خورپەت خستە دڵی هەموومان کەبەزەیمان بەخۆماندا بێتەوە و بپرسین ئەرێ ئێمە هەژدە ساڵە حکومەتین نەمان توانیوە بەو هەموو دەزگاو سەفارەتانەوە ئێوە کوڕەکانی وڵاتو کچە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان سۆراغ بکەین، لێمان ببورە زمناکۆ کۆرپە جێماوەکەی دایکە فاتمەو هەڵەبجە و کوردستان.

دەبێت بوەستیت، چونکە تۆ بۆنی هەموو غەریبەکانی نیشتمانت هەڵگرتوە، باهەموو باوکە ڕدێن سپیەکان و دایکە کەزیە سپیەکان بێن بۆنت کەن، تاوەک کراسەکەی یوسف شیفای بیناییان بێت. بەخێربێیتەوە کوڕە غەریبەکەی وڵات زمانکۆ کۆرپە جێماوەکەی هەڵەبجە، عەلی عەودالْ لەدووی ناسنامە بەخێر بێیتەوە.

